Revolutionareis Union of Kurdistan

Central Committee

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**کۆمیتەی ناوەندی**

# پەیامی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
# بەبۆنەی رۆژی جیهانیی کرێکارەوە

**کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان!**

**کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بەبۆنەی یەکەمی مانگی مای، رۆژی جیهانیی کرێکار، گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکا. ئاواتی گەیشتن بە هەموو مافە رەوا ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانتان بۆ دەخوازێ و دابینکرانی ژیانێکی شیاو و بەختەوەرانە بۆ ئێوە بە بەشێکی گرینگ لە ئەرکەکانی خۆی دەزانێ.**

**رۆژی جیهانیی کرێکار لە هەلومەرجێکدا گەڕاوەتەوە کە، سەرەڕای پەرەگرتنی رەوتی بەجیهانی بوون و بەسترانەوەی دنیا بەیەکتر، جیاوازیی ئاستی گەشە و پەرە سەندنی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وڵاتان و دانیشتوانیان؛ ئازار و ئارەزووەکان، ویست و داخوازەکان و ئەرك و بەرنامەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی هەر وڵات و نەتەوەیەکی، جیاواز و تایبەتمەند کردوە. لە کاتێکدا کرێکارانی وڵاتانی پێشکەوتوو، قۆناغی دیمۆکراتییان بڕیوە و بارودۆخی ژیان و کاریان رۆژ بە رۆژ روو لە باشتر بوونە و بۆ هەرچی باشتر کردنی ژیان و هەلومەرجی کاریان تێدەکۆشن، کرێکاران لە وڵاتانی دوواکەوتوو و بندەست و بەرفەرمانی دیکتاتۆران نەك تاگەیشتن بەو قۆناغە مەودایەکی دوور و درێژیان لەبەرە، بەڵکوو تەنانەت لە ئازادیی دەربڕینی ویست و ئارەزووەکانیان بێبەشن و هەر جۆرە دەنگهەڵبڕینێکیان بە زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدان وەڵام دەدرێتەوە.**

**کرێکارانی کورد وەك هەموو دانیشتوانی کوردستان بەدەست ئازارەکانی سەرچاوە گرتوو لە داگیرکرانی ولات و زەوت کرانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیەوە دەناڵێنن. ئەرکی رزگاریی لە بندەستی داگیرکەران و وەدەسهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان، کرێکاران و زەحمەتکێشان و باقی چین و توێژەکانی کوردستان لە یەك سەنگەری هاوبەشدا، بەرامبەر بە یەك دوژمن کۆدەکاتەوە.**

**بۆیە، رۆژی جیهانیی کرێکار لە کوردستان، رۆژی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و بۆنەیەکە بۆ دەربڕینەوەی ویست و داخوازەکانی کوردان بۆ ئازادی و دەبڕینی بێزاری لە حوکم و دەسەڵاتی دیکتاتۆری و داگیرکەریی. بۆنەیەکە کە تێیدا، کرێکاران، زەحمەتکێشان، کاسبکاران، ژنان، مامۆستایان، موچەخۆران، لاوان و خوێندکاران بۆ رەتکردنەوەی داگیرکەری و دیکتاتۆری، بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی و وەدەسهێنانی هەموو ماف و ئازدییە دیمۆکراتییەکانیان دەنگ و ئیرادەیان یەکدەخەن.**

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەم رۆژەدا، لانی کەمی چاوەڕوانیان لە کرێکاریانی وڵاتانی پێشکەوتوو و یەکێتیەکان و سەندیکا کرێکارییەکان ئەوەیە کە لە خەبات بۆ ئازادیدا، پشتگیرییان لێبکەن و بەربینگی ئەو دەوڵەتانەیان بگرن کە بایەخە ئینسانییەکان لەگەڵ قازانجە ئابوورییەکانیان دەگۆڕنەوە و چاوپۆشی لە پێشلکرانی مافەکانی مرۆڤ دەکەن و دەبنە پاڵپشتی رێژیمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکانی حاکم بەسەر کوردستاندا.**

**کرێکارانی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە، کە خەبات لە پێناو ئازادی و دیمۆکراسی و مافە ئابوورییەکاندا، لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان پێکیانەوە دەبەستێتەوە، دەبێ، لەم رۆژەدا وێڕای هێنانە گۆڕێی داخوازە رەواکانی خۆیان، سیاسەتی شۆڤینیستی و داگیرکەرانەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان مەحکوم بکەن و لە خەباتی کوردان بۆ ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی، پشتیوانی بکەن.**

**کرێکارانی کوردستان تەنیا بەمجۆرە دەتوانن، لە هەست و هەڵوێستی "هاوپشتی" و "هاوپێوەندی" کرێکارانی جیهان و ناوچەکە دڵخۆش و دڵنیا بن و یەکەمی مانگی مای بە رۆژی "هاوپشتی" و "هاوپێوەندیی" کرێکاران دابنێن.**

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**٢٧٠٣/٢/١١**

**٢٠٠٣/٥/١**